# ڕێژنە قاسم

ڕێژنە خان لە 1988/1/1 لە شەقلاوە لە دایك بووە خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ( سافی ) خوێندوویەتی و ئێستاش لە پۆلی شەشەمی زانستی لە دواناوەندی شەقلاوەی کچان ئەخوێنێ.

لە ساڵی 2001 ەوە دەستی بە شعر نووسین کردووە و زۆربەی شعرەکانیشی لە ڕێگەی بەرنامەی ئێوارەی شارەکەم لە ڕادیۆی ئازادی شەقلاوە بلاوکراونەتەوە.

شعرەکانی ڕێژنە خان دونیای کچۆلانەی پاك و پڕ لە خەونی خۆشەویستییە، کە زۆر بوێرانە خۆی و خەون و عەشق و خۆزگەکانی ئەنووسێتەوە، بوێرییەکەی ڕێژنە خان لەوەدایە زۆر بەجوانی هەستی خۆشەویستی خۆی باس ئەکات و زۆر بەرێئانەش ڕوو ئەکاتە یار و قسەی بۆ ئەکات، نووسینەکانی ئەوەندە ڕوون و ناسکن کە مرۆڤ سەرباری هەموو سادەیی و ڕاستەوخۆیی و شتە ڕۆژانەییەکانی ناو وێنە شعرییەکان بەلام شعرەکانی خۆش ئەوێن و لەگەڵیاندا تێکەل ئەبێت و ئەزانێت ڕێژنە خان خاوەن پەیامێکی عاشقانەیە و ئەیەوێت بەرامبەرەکەی لەو پەیامە بگات، شعر لای ئەم کیژۆڵەیە نووسینەوەی ژیانێکە بە هەموو بەرائەتی خۆیەوە، بە هەموو جوانی و ناسکی و خەندە و فرمێسکە گەرمەکانی تەمەنێك کە هێشتا زۆر زووە بۆ گریان و هەستکردن بە ناخۆشی.

دەستخۆشی لە ڕێژنە خان ئەکەم و هیوادارم بە بەردەوامی خۆی مژدەی لە دایکبوونی شاعرێکی کیژۆڵەی جوانمان پێبدات.